# شاعیرێکی ڕاستگۆ

حەمەسەعید حەسەن

نووری حەیران یادی بە خێر، دەیگوت:

نازە خانم

ئەی لە سەدا هەشتای ژیانم.

من چونکە بەشێکی گرنگی ژیانم بە نووسین بەخشیوە، کەم و زۆر خوێنەرم سەرسام کردووە. وا باوە ئەگەر خوێنەرێک بە نووسەرێک سەرسام بێت، داوای ئیمزای لێ دەکات، من هەندێک لە خوێنەرانم، هێندە پێم سەرسامن، بێجگە لە ئیمزا، داوای قەرزیشم لێ دەکەن!

*

ئەگەر یادەوەری ناپاکیتان لێ نەکات، ئەوا لە بیرتانە کە نەوشیروان مستەفا دەیگوت: لەبری ئیبراهیم خەلیل، دەستمان بەسەر هەولێردا گرتووە، ئەگەر سەرانی پارتی داهاتی گومرگی ئەو بازگەیەمان لەتەکدا بەش نەکەن، ئەوا مەگەر لە تیڤیدا هەولێر ببینن. ینک و پدک، تا ئیبراهیم خەلیل نەکەوتە ژێر چەکمەی مارینزەوە، بڕیاری یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستانیان نەدا!

زۆرن ئەوانەی پێیان وایە، شەڕی ناوخۆی دوای ڕاپەڕین، لە ئەنجامی دابەشکردنی فیفتی فیفتییانەی دەسەڵاتەوە سەری هەڵدا. وا باوە هەموو گەلێک سوود لە ئەزموونی خۆی و گەلانی دیکەش وەردەگرێت، کەچی کورد نەک هەر سوود لە ئەزموونی گەلانی دیکە نابینێت، بەڵکوو هیچ لە ئەزموونی (خۆ)شییەوە فێر نابێت و دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر دابەشکردنی فیفتی فیفتییانەی دەسەڵات، ئەو کۆڵانەی کە ئەزموونی دوێنێی خۆمان سەلماندوویەتی، بە بنبەست دەگات.

*

لەم وڵاتە،

لەسەر هەر بستە زەمینێ

لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ

مەترسە، کەمێک سەر داخە و

تاجەگوڵینەکت دانێ!

بەعس چل ساڵی ڕەبەق، لە نۆی حوزەیرانی ١٩٦٣ وە، تا نۆی ئەپریلی ٢٠٠٣، دەیگرتین و دەیکوشتین و دەیکردین بە ژێر خۆڵەوە. پەشێو زۆر شیعری لە (سەربازی ون) جوانتری نووسیوە، وەلێ دەستی ناوبانگی هیچ شیعرێکی، ناگاتە داوێنی دەنگدانەوەی سەربازی ون. ئێستا دوای هەڵدانەوەی کۆڤەبرەکان، ئەستێرەی ڕاستگۆیی پەشێو، لە جاران گەشتر خۆی دەنوێنێت و هەڵۆی هۆنراوەی سەربازی ونیش، لە جاران بەرزتر دەفڕێت.

2003. 06. 14